وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکەیە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**

**ژمارەی دەرهێنان:35**

**ڕۆژی دەرهێنان: 2004/7/25**

پشت بە حوکمی بڕگە (1)ی ماددەی (56)وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی-عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن، لە دانیشتنی ژمارە(45)ی ڕۆژی (2004/7/24)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10)ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە(35)ی ساڵی/2004**

**یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە(13)ی ساڵی (1999)ی**

**خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانی- عێراق**

**ماددەی یەکەم:**

بڕگە(أ)لە ماددەی دووەمی یاساکە هەمواردەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامیش، کاتێ ئەندامێتییان کۆتایی دێت یان لە دەستی دەدەن مووچەیەکی مانگانەی خانەنشینی بە بڕی (75٪)ی کۆی مووچەو دەرماڵەی مانگانەی ئەو ئەندامانە وەردەگرن کە لە ئەنجومەندا بەردەوامن.

**ماددەی دووەم:**

ماددەی پێنجەمی یاساکە هەمواردەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

بەپێی ڕێژە دیارکراوەکان کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە، بەشی خانەنشینی مانگ بەمانگ لە مووچەی مانگانەی ئەندام دادەشکێنرێت.

**ماددەی سێیەم:**

ماددەی حەوتەم هەمواردەکرێ و، ئەسڵی ماددەکە دەبێ بە (بڕگەی یەکەم)ی ماددەکەو، بڕگەیەکی دیکەی بە زنجیرەی(2)بۆ زیاددەکرێ وەك ئەمەی خوارەوە:

2-حوکمەکانی ئەم یاسایە ئەندامە خانەنشینەکانی ئەنجومەن دەگرێتەوەو، مووچەکانیان لە ڕۆژی بەرکارخستنی ئەم یاسایەوە هەمواردەکرێن.

**ماددەی چوارەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی پێنجەم:**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

د.رۆژ نوری شاوەیس
سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی
كوردستانی ـ عێراق